# مافی دانەر لەڕوانگەی فیقهی ئیسلامیەوە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حق المؤلف من منظور الفقه الإسلامي ﴾

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# مافی دانەر لەڕوانگەی فیقهی ئیسلامیەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان و درود ورەحمەتی فراوان بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی وئال وبەیت و یار ویاوەرانی هەتا هەتایە ...

خۆشەویستان لەم بابەتەماندا هەوڵ ئەدەین بەپێی توانا مافی دانەر (حق المؤلف) لەڕوانگەی فیقهی ئیسلامەوە بخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز ...

جۆرەکانی ماف وهەق لە یاساکانی ئەمڕۆدا دەکرێن بەچەند بەشێکەوە:

١) مافە ڕامیاریەکان (الحقوق السیاسیة) مەبەست لەم مافە ئەو مافانەیە کە یاسا بۆ خەڵکی فەراهەم هێناوە، ئەویش لەپێناو ڕێکخستنی حوکم ودەسەڵاتە جیاوازەکانی، وەك مافی هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپاڵاوتن.

٢) مافە مەدەنیەکان (الحقوق المدنية) کە مەبەست لێی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی تاکی کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەمیش دوو جۆرە :

جۆری یەکەم : مافە گشتییەکان : کە ئامانجی گشت مافە تاکە کەسیەکانی مۆرڤە ئەویش بەچاودێری کردن وڕێزگرتن لێی، وەك مافی مرۆڤ لە سەلامەتی جەستە ولاشە و ڕێزی جێگای مانەوە وپشوودانی .

جۆری دووەم : مافە تایبەتیەکان : ئەویش مەبەست پێی ئەو مافانەیە کە لەئەنجامی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان هەندێك بەهەندێکی تریانەوە پەیدابووە، ئەویش بەپێی بنەماکانی یاسا تایبەتیەکان بەهەموو لقە جیاوازەکانیەوە لە یاسا مەدەنیەکان لەگەڵ یاساکانی باری کەسێتی، و جگە لەمانەیش چەند یاسایەکی تریش، ئەم جۆرەش چەند بەشێکە :

بەشی یەکەم : مافەکانی خێزان : وەك مافی سەرپەرشتی کردن و مافی تەڵاق و مافی وەصیەتکردن و ...

بەشی دووەم : مافە داراییەکان : ئەمیش چەند لقێکی لێ دەبێتەوە :

یەکەم : مافە خودیەکان : کە بریتیە لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بەسەر ئەو شتەدا کە بەپێی یاسا خاوەندارێتی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، وەك مافی موڵکداریەتی زەوی یان خانوەکەی یان ئۆتۆمبیلەکەی ....

دووەم : مافە کەسێتیەکان ( الحقوق الشخصية) بریتیە لەو پەیوەندیە یاساییەی کە لەنێوان دوو کەسدا دروست دەبێت لەئەنجامی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ یەکتردا، وەك مافی خاوەن قەرز بەسەر قەرزارەکەیەوە، ئەویش بەپێی ئەو

پەیوەندیەی کە دروست بووە لەنێوانیاندا دەبێت قەرزار ئەو مافە بۆ خاوەن قەرز بگەڕێنێتەوە .

سێهەم : مافە مەعنەویەکان : یان مافی داهێنان مەبەست لێی دەسەڵاتی کەسێکە بەسەر شتێکی غەیرە مادیدایە، جا ئەوە چی بەرهەمی بیروفکری خاوەنەکەی بێت، وەك مافی دانەر ( حق المؤلف) ئەم مافە لە شەریعەتە کۆنەکاندا باسی نەهاتووە، بەڵکو لەئەنجامی پێشکەوتن وفراوان بوونی پەیوەندی و پێویستی کەسەکانەوە پەیدابوو، پاش ئەو هەموو پێشەکەوتنە لە بوارە جیاجیاکانی زانستی ورۆشنبیری و ئابووری وپیشەسازی هاتە ئاراوە کە جیهانی گرتەوە، کە بێگومان ناتوانرێت لەژێر مافە خودیەکان ( الحقوق العينية) یان مافە تاکە کەسیەکان جێگایان بکرێتەوە، چونکە خاوەنەکەی ئەو مافەی پێ نادرێت کە داوای ئەنجامدانی

کارێکی دیاریکراو لەکەسێکی تر بکات، بەڵکو دەسەڵاتی کەسێکە بەسەر شتێکی مەعنەویدا.

شێخ مصطفی الزرقاء ناوێکی تری ناوە لەم مافە جگە لە ناوی ( الحقوق المعنوية) کە پێی دەڵیت ( حقوق الابتكار – مافی داهێنان ) تاوەکو سەرجەم مافە مەعنەویەکانی وەك ( مافی دەستگرتن بە نیشانە بازرگانی و مافی داهێنانی پیشەسازی و مافی دانەریش بگرێتەوە ) .

ئێمە لێرەدا تەنها باس لە مافی دانەر دەکەین و ئەوانی تر بەجێ دەهێڵین بۆ دەرەفەتێکی تر بەیارمەتی خوای گەورە .

مافی دانەر ( حقوق المؤلف) ئەم مافە بەشێوەیەکی فەرمی لەپاش ڕێکەوتنامەی (بێرن) چەسپا کە لەساڵی (١٨٨٦) لەنێوان زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان گرێدار، پاش ئەوە چەند گۆڕانکاری و دەستکاریەکی بەسەردا هات

کەپاشتر لە ڕاگەیاندنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ تەئکیدی لەسەرکرایەوە .

مەبەست لە مافی دانەر چییە ؟

بێگومان پێشان پێویستە پێناسەیەکی دانان (التألیف) بکەین تاوەکو لە مانای مافی دانەر تێ بگەین .

مەبەست لە (تألیف) نووسینی شتێکی نوێ یان کۆکردنەوەی زانیاریەکی پەرت وبڵاو، یان تەواوکردنی شتێکی ناتەواو، یان ڕاڤەکردن و شەرحکردنی بابەتێکی گشتگیر، یان پوختەکردنی زانیاریەکی دورودرێژ، یان تەرتیبکردنی بابەتێکی تێکەڵ وپێکەڵ، یان بەمانای دەستنیشانکردنی هەڵە وکەموکورتیەك کە هەیە .

جا مافی دانەر شێوەیەکە لەشێوەی مافە مەعنەویەکان، یان مافی داهێنانە، کە هەق ئەدات بە دانەر پارێزگاری لەو

هەوڵ وتێکۆشانە بکات کە بەروبوومی بیروهۆشی خۆیەتی، جا دەبێت بزانین ( دانەر ) دوو مافی هەیە:

یەکەمیان : مافێکی ئەدەبیە کە بەهەمیشەیی مافی خۆیەتی و هیچ کەس ولایەنێك ناتوانێت لیی زەوت بکات.

دووەم : مافی ئەوەی هەیە کە خۆی بڵاوی بکاتەوە، یان پاش خۆی میراتگرەکانی تاماوەیەکی دیاری کراو، کە هەندێك لە یاسای وڵاتان بە سی ساڵ و هەندێکی تریشیان بە چل سالو پەنجا ساڵ ئەو مافەیان بۆ میراتگرەکانی پەسەند کردووە، پاش ئەو ماوەیە دەبێت بە موڵکی گشتی ودەسەڵاتی سەردەمێکی دەخات کە چۆن بڵاوبکرێتەوە.

## حوكمى ئەم مەسئەلەیە لاى زانایان و فوقەهاى ئیسلام چۆنە .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد ئەم مەسئەلەیە مەسئەلەیەكى نوێیە و زانایان لەكۆندا كەمتر باسیان لێوەكردووە، بۆیە ئەمەمەسئەلەیە زیاتر زانایانى هاوچەرخ گفتوگۆیان لەسەر كردووە. هەر بۆیە لەم بابەتەدا زانایانى هاوچەرخ بوون بەدوو كۆمەڵەوە :

**كۆمەڵى یەكەم :** هەندێك لەزانایانى هاوچەرخ پێیان وایە كە دانەر هیچ مافێكى نییە، وهەربۆیەش هیچ مافێكى دارایى نیە لەبەرامبەر كارەكەیدا، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگە بەچەند شتێك دەهێننەوە :

یەكەم : ئەگەر ئەم مافە بدرێت بە دانەر ئەوا سەردەكێشێت بۆ ئەوەى كە دانەر نووسین ودانانەكەى خۆى

بگرێتەوە ونەهێڵێت بڵاو ببێتەوە ودەستا ودەست بكات لەنیو خەڵكیدا ئەگەر ئەندازەیەك لەپارەو پوڵی نەدرێتیّ، ئەمەش بە شاردنەوە و كەتمان كردنی عیلم وزانست دادەنرێت، كە شەریعەتی ئیسلام قەدەغەی كردووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : {إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ} {البقرة : ١٥٩} واتە : بەڕاستی ئەوانەی كە بەرنامە و ڕێنموویەكانی ئاشكرای ڕەوانە كراوی ئێمە دەشارنەوە كە ناردوومانە، دوای ئەوەی بۆ خەڵكیمان ڕوون كردۆتەوە لە كتێبەكاندا، ئا ئەوانە خوا نەفرینیان لێدەكات و نەفرین كارانیش نەفرەتیان لێدەكەن ..

پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : " من كتم علما ألجمه الله بلجام من النار يوم القيامة " {رواه الإمام أحمد وأبو داود والحاكم، وقال الشيخ

شعيب الأرنؤوط : حديث صحيح } واته : هەرکەسێك زانست وزانيارييەك بشارێتەوە لەخەڵکی ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواييدا لەغاوێکی ئاگرين دەکاتە دەميەوە ..

دووەم : زانست وزانياری بە عيبادەت و قوربە و نزيك بونەوە دادەنريت لەخوای گەورەوە، نەك بە بازرگانی وبابەتی کڕين وفرۆشتن وپيشەسازی بێت ، جا ئەم مەسئەلەيەش دروست نييە مرۆڤ بريتی لەبەرامبەردا وەربگرێت، بۆيە کەسانی زانا وخاوەن زانست دەبێت بۆ بەدەستهێنان وبڵاوکردنەوەی زانست وزانياری هەميشە لەهەوڵ وتێکۆشاندابن ولەسەر حکومەت و خەڵکيش پێويستە ژيانی ئەوان دابين بکەن ونەهێڵن پێويستيان بەهيچ شتێك هەبێت وپەنا ببەنە بەر فرۆشتنی نووسين وبەرهەمەکانيان ..

**کۆمەڵی دووەم :** زۆرێك لەزانايانی سەردەم ، وەك ( شێخ مصطفى الزرقا و دکتۆر محمد سعيد رمضان البوطي و

دکتۆر وەهبة الزحیلی ) بەلایانەوە وایە کە دانەر مافی تایبەتی خۆی هەیە ومافێکە شەریعەتی ئیسلام دانی پێداناوە و هەر بۆیەشە دانەر مافی ئەوەی هەیە لەبەرامبەر نووسین وداهێنانەکەیدا بریتیەك لەپارەو پوڵ وەربگرێت، ئەوانیش بەڵگە بەچەند شتێك دەهێننەوە :

یەکەم : جمهوری زانایانی ئیسلام (لە مالکی و شافیعی وحەنابلەکان ) سوود و مەنافعیان بەماڵ داناوە، ئاشکرایشە کە سوود و مەنافع مافێکی مەعنەویە، بێگومان بەروبوومی بیروبۆچوونییش بە سوود و مەنافیع دادەنرێت، هەربۆیەش بەپێی شەرع دەکرێت لەبەرامبەریدا بریتی وەربگیرێت .

دووەم : عورفی گشت خەڵکیش ئەوەی سەلماندووە کە مافی دانەر لە بەرهەم ونووسین وداهێنانەکانی مافێکە تایبەتە بە خاوەنەکەی وهەربۆیە دەبینین کە لە پێشبکڕێ جیهانی و نێودەوڵەتیەکاندا پاداشت و دیاری لەسەر

وەردەگیرێت، ئەم عورفە و داب ونەریتەش هیچ پێچەوانە نییە بە بنەما و ڕێساکانی شەریعەتی ئیسلام، هەر عورف و داب ونەریتێکیش کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام نەبوو، ئەوا جێگای پەسەند بوون و ڕەسەنێتی ئەو بابەتەیە ..

سێهەم : شەریعەتی ئیسلام حەرامی کردووە کە کەسێکی خۆی بگۆڕێت و بچێتە شێوە و شکلیٚ کەسێکی ترەوە وخۆی بەئەو دابنێت، یان کارو هەوڵ وتێکۆشانی کەسێکی تر بداتە پاڵ خۆی بەبیٚ ئەوەی ئەو کەسە هیچ ماندوو بووبێت پێوەی، جا بۆیە پێویستی کردووە کە ئەو کەسەی کە قسەیەك دەکات قسەکەی بدرێتە پاڵ خۆی، یان کاتێك کارێك دەکات بدرێتە پاڵ خاوەنەکەی، یان بیروبۆچونێك دەردەبڕێت و بەرهەمێکی لیٚ دەبێتەوە دەبێت بدرێتە پاڵ خاوەن و داهێنەرکارەکەی، بۆ ئەوەی ئەگەر هەر پاداشتێکی لەسەر وەردەگیرا بدرێت بەخاوەنەکەی و کەسی تر بەدرۆ

ودەلەسە خۆی نەکات بەخاوەنی، یان ئەگەر سزایەکیشی لەسەردرا هەر بۆ خاوەنەکەی بێت، نەك بۆ کەسی تر ..

چوارەم : ئەگەر هاتوو کەسێك بەرپرس بوو لەبەرامبەر نووسینێك یان ووتەیەکی و موحاسەبە بکرێت لەسەری، ئەوا بێگومان مافی ئەوەیشی هەیە ئەگەر پاداشتێکیش کرا لەسەری یان خێرکی تێدا بوو هەر بۆ خۆی بێت نەك کەسانی تر ..

پێنجەم : داهێنانی زانستی ئەصڵ و بنەما وهۆکاری داهێنانە مادییەکانی وەك ئۆتۆمبیل و فڕۆکە وتەلەفزیۆن وئینتەرنێت و سەرجەم داهێنان و تەکنەلۆجیاکانی سەردەمە، کە هەر هەموویان بە دەستکەوت و سیفەتێکی مالی ودارایی هەژمار دەکرێن، لەبەر ئەوە پێویستە ئەصڵ وبنەمای ئەم داهێنانانەش سیفەتێکی مالی وداراییان هەبێت و خاوەن

بیرۆکەو داهێنەر کارەکانیش مافی ئەوەیان هەبێت بریتی لەبەرامبەردا وەربگرن ...

ڕای بەهێز و پەسەند، وەك دەڵین ( راجح ) ڕای کۆمەڵی دووەمە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١) ئەو بەڵگەی کە دەڵێت دان نان بە مافی دانەردا دەبێتە هۆی دەستگرتن و قرۆخکردنی خاوەنەکەی ونەهێشتنی بڵاوبوونەوەی زانست وزانیاری، وایقعی حاڵ و ئەوەی کە دەگوزەرێت پێچەوانەی ئەو بەڵگەیە دەسەلمێنێت کە دانا نان بە مافی دانەردا نەبووە بەهۆی ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی زانست وزانیاری ..

٢) ئەو بەڵگەیەش گە دەڵێت لەبەرامبەر زانست وزانیاری و عیبادەت کە هۆکاری نزیك بوونەوەیە لەخوای گەورەوە دروست نییە بریتی لەبەرامبەردا وەربگیرێت، ڕاست نییە،

چونكه زانایانی ئەم دواییەی مەزهەبەكان بەلایانەوە دروستە كە بریتی وەربگیرێت لە بەرامبەر طاعەت گوێڕایەڵیەكانی خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دا وەك بریتی وەرگرتن لەبەرامبەر ( ئیمامەتی نوێژ و بانگدان و خەڵك فێكردنی قورئان وزانستەكان ...) .

بۆیە لە ئەنجامدا دەگەیەنە ئەو ڕاستیەی كە ئەگەر هاتوو مافی دانەر بە مافێكی تەواو و نكولی لىٚ نەكراو دانەنرێت ئەوا دەبێت بەهۆی بڵاو بوونەوەی نەزانین وجەهل و نەخوێندەواری ودواكەوتووی، بەتایبەتی لەڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆدا، ئەگەر ئەو مافە بۆ خاوەنەكانیان نەسەلمێنرێت ئەوا كەس خۆی ماندوو ناكات و بیروبۆچونی خۆی ناخاتەكار، چونكە ئەو دەزانێت پاش ماندوو بوونێكی زۆر هیچ مافێكی نییە، نەك هەر ئەوەندە كەسانێكی تر بەبی هیچ ماندوو بونێك داهێنانەكانی ئەو دەكەنە پیشەسازی و ئامێری

جیاجیا وکەسانی تر پێی دەوڵمەند دەبن و دەبنە سەرمایەدار وئەمانیش هەر ماندوو بوونیان بۆ دەمێنێتەوە ....

داواکارم لەخوای گەورە بە زانست وزانیاری خۆی زیاتر شارەزامان بکات و ئەویشی فێری کردووین موەفەقمان بکات کە کاری پێی بکەین ...

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته